# زەنگ ئامێری مۆسیقای شەیتانە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «زەنگ ئامێری مۆسیقای (میزماری) شەیتانە»
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە ئەو زەنگانەی لە ملی ئاژەڵەکان دەکرێت: ئامێری مۆسیقای شەیتانە کە خەڵکی سەرقاڵ دەکات بە هۆی ئەم ئامێرە وهاوشێوەکانیەوە ودووریان دەخاتەوە لەو ئامانجەی بۆی دروستکراون کە بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە چونکە بەهۆی ئەم ئامێرە مۆسیقیانەوە دڵەکان دوور دەکەنەوە لە زیکر ویادی خودا وڕەق دەبن بۆیە خۆپاراستن لە گوێگرتن لێیان هۆکارە بۆ پاکبوونەوەی دڵەکان، وسەبارەت بە زەنگە بەکارهێنراوەکان لەم سەردەمەدا لیژنەی فەتوادان بەم شێوەیە فەتوای لەسەر داوە: (ئەو زەنگانەی کە لە ماڵەکان وقوتابخانەکان وشوێنی تر بەکاردەهێنرێن دروستە (جائیزە) ئەگەر شتێکی حەرامی لە خۆ نەگرتبێت، وەکو ئەوەی لە زەنگی نەسڕانیەکان بچێت، یان دەنگی وەکو دەنگی مۆسیقا بێت، ئەگەر ئەمانەی تێدابێت ئەوا حەرامە).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8946